# ١٩ خالی گرنگ که ده بێ بیزانی پێش هاتنت بۆ ئەمریکا

## بە خێر بێیت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئە مریکا

ئەم بەڵگە نامەیە دروست کراوە بۆ یارمەتی دانت لە ڕێك خستنی ژیانت لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. ستافێك پێك هاتوە لە چەنەها کەسایەتی لێزان لە هامو شارەکانی ئەمەریکا بۆ یارمەتی دانی ئەو کەسانەی لە بەرنامەی SIV بەژداریان کردوە وە لە ئەمەریکان وە خاڵە گرنگەکەنیان بۆ رون کراوەتەوە لەم بەڵگەنامەیە. ئەم خالانە دواتر کۆ کرایەوە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بەشی پەنابەران وە بەکار دەهێنرێ بۆ یارمەتی دانی ئەو کەسانەی کە ژیانێکی تازە چاوەرێیان دەکا.

## وەرگرتن و دامەزراندن، سوودمەند بون وە یارمەتی دان

١) ئەو بریکارەی بەرپرسە لە راگواستنەکەت وە هەروەها ئەو بەشانەی کە لە حکومەتی فیدراڵی بەژدارن لە گەڵیان کەرەس و سامانەکانیان دیاری کراوە بۆ یارمەتی دانت لە هەنگاوە سەرەکیەکانی ژیانت دوای گەشتنت بە ئەمریکا. ئەو کەرەسەتانەی بۆت دیاری کراوە دەگۆڕدرێ بە پێی چەن شتێك. دەسکەوتنی ئیش وە بەکارهێنانی پارە بە شێوەیەکی زیرەکانە یارمەتیت دەدا با باشی بۆ کۆنترۆل کردنی ژیانت.

٢)بە های ژیان و نرخی کرێ دەگۆردرێ لە هەمو شوێنەکانی ئەمەریکا. ئەو یارمەتیەی وەری دەگری لە ویلایەتێك یەکسان نییە بەو یارمەتییەی وەری دەگری لە ویلایەتێکی تر. ئەگەر هاوڕێکانت لە ویلایەتێك دەژین و پێت ئەڵێن کە یارمەتی باش وەر دەگرن مانای ئەوە نییە تۆش هەمان یارمەتی وەر بگری.

٣)بە هۆی بەرز بونی نرخی کرێی خانو، تەنها ئەو بەژدار بوانەی کە خێزانیان و منداڵیان هەیە لە ویلایەتی باکوری ڤێرجینیا جێگر دەبن

٤)ویلایەتی واشنتۆن دیسی وە کالیفۆرنیا ناسراون بە بەرز بونی نرخی ژیان، بۆیە زۆر قورسە لەوێ خانوی هەرزان بدۆزی وە ئیش بکەی. ئەو یارمەتیانەی لەوێ وەری دەگری بە ئاسانی بەشی ئەوە ناکا کرێی خانوی پێ بدەی. ئەگەر توانای ئەوەت هەیە پلیتی تەیارە بکڕی، وە ئەگەر کەس و کارت هەیە لە ئەمریکا توانای ئەوەیان هەیە یارماتیت بەن، ئەوە باشترە لەگەڵیان بژیت بۆ ماوەیەك.

٥)دوای گەشتنت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گۆڕینی شوێن و ویلایەت لە بەرژەوەندیت نییە وە هەر وەها ئەو شوێنەی بۆت دەسنیشان کراوە لە بەرژەوەندیت نییە ئەگەر بۆی نەڕۆیت لەبەر ئەوەی ئەو بریکارەی بەر پرسە لەسەرت توانای ئەوەی نامێنێ یارمەتیت با وەکو ئەوەی یارمەتی دایت لە ویلایەتەکەی خۆت. پێش ئەوەی بڕیاری شوێن گۆڕین بەیت، لەگەڵ بریکارەکەت قسە بکە.

٦)هیچ یارمەتییەکی تایبەت نییە بۆ ئەو کەسانی کە لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا ئیشیان کردوە چونکە یارمەتییەکان بۆ هەمو کەسێکە بێ گوێ دانە بە ئایین، ڕەنگ، ڕەگەز، هتد.

٧)پێویست ناکا پارە بەی بە کەس لە هاوڕێ یان خزم بۆ سپۆنسەر کردنت بۆ ئەمەریکا

٨)قەرزی پارەی تەیارەی IOM ئەگەڕێنیتەوە لە ٦ مانگی یەکەمی هاتنت بۆ ئەمەریکا

## دامەزراندنی کار

٩)بەرنامەی وەرگرتنی پەنابەری ئەمریکی دروست کراوە بۆ یارمەتی دانت لە خاڵە سەرەکییەکانی ژیان لە چەن حەفتەی یەکەمت لە ئەمریکا. دۆزینەوەی ئیش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانت. زۆر گرنگە بۆ تۆ و خێزانت فێری زمانی ئینگلیزی بن (ئەگەر خۆت هێشتا نایزانی) وە هەروەها گرنگیشە کە یەکەم ئیش وەر بگری کە بۆت ئەخرێتە ڕو. بونت لە شوێنکار گرنگی زۆرە بۆ فێر بونی زمانی ئینگلیزی. چەن زو دەس بە ئیش بکەی ئەوەنە زو توانای ئەوەت دەبێ کە کرێ و تێچونی ڕۆژانەت بدەی. زۆربەی خێزانەکان بە باشی دەزانن کە ژن و پیاو کار بکەن بۆ بەڕێو بردنی ماڵ.

١٠)لە لایەن کەسانی بەرپرس ئاماژە دەکرێی بۆ دۆزینەوەی ئیش لە هەر ویلایەتێك بیت

١١)لەوانەیە کاتی لەوە زیاتری پێ بچێ بۆ دۆزینەوەی ئیش کە تۆ بیرت لێ کردەوە وە هەروەها دۆزینەوەی ئیشی هەمیشەیی زۆر قورسا لە سەرەتادا

١٢)یەکەم ئیشت لە ویلایەتە یەك گرتووەکانی ئەمریکا لەوانەیە لەو بوارە نەبێ کە تۆ لێی شارەزایت. پێشتر ئیش کردنت لەگەل هێزی ئەمریکی مانای ئەوە ناگەیەنێ کە لەو بوارەوە ئیش بکەیتەوە وە هەروەها ئیشی یەکەمت وەکو دەسپێکردنێك ئەبێت بۆ بواری ئیش کردن. لە کۆتادا ئیشێك بە دەست دەهێنی کە لە بواری شارەزایی خۆتە دوای ئەوەی لێزانین بە دەست دە هێنی لە ئەمەریکا وە هەر وەها دوای فێر بونت بۆ زمانی ئینگلیزی. بەڵام هەتا ئەو کاتە، وەرگرتنی ئیشی سەرەتایی باشترە بۆ دروست کردنی شارەزایی و زانیاری.

## خانو، کەل و پەل، پێداویستی ناو ماڵ

١٣)ئەو یارمەتییانەی وەری دەگری زۆر سەرەتایین. زۆربەی کەل و پەل و کەرەسەتەکان لە دەسی دون بەڵام هاموی پاکژ کراونەتەوە بۆ پێداویستی ئێوە.

١٤)حکومەتی ئەمریکا داوا لە بریکاری پەنابەرەکان دەکا کە دەبێ پێداویستی سەرەکی تەرخان بکرێت بۆ ئەو خێزانانە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کەل و پەلی گران تەرخان بکرێ. تەنها شتە سەرەکییەکان. کەل و پەلی گران بەها وەکو تەلەفزیۆن، گسکی کارەبایی، پاسکیل، سەیارە، رادیۆ، کۆمپیوتەر .. ئەمانە بەشێك نین لەو کەل و پەلانەی تەرخان دەکرێ. ئەم کەل و پەلانە تەرخان دەکرێ لە کاتێکا خەڵك بیبەخشێت بۆ بریکارەکان.

١٥)باڵەخانە (شوقە) ئاسان ترین و گونجاو ترین شوێنی نیشتەجێبونە بۆ خەڵکی ئەمەریکا، بۆیە تۆش دەبێ چاوەروانی ئەوە بیت ببێتە خانوی یەکەمت لە ئەمریکا. کەسانی سینگڵ (تەنیا) لەگەڵ کەسانی سینگڵی تر دا دەنرێن لە هەمان رەگەز بۆ مەبەستی نرخ و گونجاوی ژیان. دوای ئیشکردنت لە شوێنێکی گونجاو وە توانای ئەوەت ئەبێ بە تەنیا بژیت، ئەتوانی خانو بە کرێ بگریت.

## یارمەتی پزیشکی

١٦)یارمەتی پزیشکی گشتی دیاری کراوە، چاو و دان بەشێك نییە لەو یارمەتییە. لەوانەیە چەن هەفتەیەکی پێ بچێت بۆ بینینی دکتۆرێك بەڵام حاڵەتی زۆر گرنگ بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. کاتێك پیشەی خۆتت هەبو ئەو کاتە توانای ئەوەت دەبێ کە پارە بۆ پزیشك تەرخان بکەی.

١٧)هەچ شەرمێك نییە لە نەخۆشی دەرونی و کێشەی مێشك لە ئەمریکا. دەبێ ئەو یارمەتیانەی پێت دەبەخشرێ بەکاری بێنی. ئەو کەسەی بەر پرسە لێت یارمەتیت دەدا بۆ دۆزینەوەی دکتۆری باش

## ڕاهاتنی کەلتوری

١٨)یەکەم ساڵت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتییە لە چەن گۆڕانکارییەکی سەرەکی. لە کۆمەڵگایەکی تازە دەژیت، لەگەڵ یاسای تازا هەڵسو کەوت دەکەی. وە هاوڕێی تازە دروست دەکەی. لە چەن مانگی یەکەمتدا ئەو بریکارەی سەر پەرشتیت دەکا خاڵە گرنگەکانت بۆ ڕون دەکاتەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی سەرکەوتو پێك بێنیت.

١٩)ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهاتووە لە خەڵکانی بنەڕەتە جیاواز، ئایینی جیاواز، رەگەزی جیاواز وە ئەو بریکارانەی یارمەتیت دەدەن رەنگە خەڵکی چەنەها شوێنی جیاواز بن بەڵام ئامانجیان یارمەتی دانی تۆیە.

بۆ زانیرای زیاتر دەربارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەردانی ئێرە بکە www.corenav.org